# چاوكردن ( چاوپیسی ) وچارەسەریەكانی

# لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم ) دا

[ كردي – كوردی – kurdish ]


ئامادەكردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( العين وعلاجه في القرآن والسنة )

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# چاوکردن ( چاوپیسی ) وچارەسەریەکانی

# لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دا

بەشی یەکەم :

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

پێشەکی :

گومانی تێدا نیە دەروونی ئادەمیزاد تووشی نەخۆشی جۆراو جۆری ترسناک دەبێت یەکێکیش لەو نەخۆشیانە بریتی یە لە نەخۆشی حەسوودی .

حەسەد : لای زانایان بەو واتایە دێت کە مرۆڤ ئاواتەخواز بێت کە ناز ونیعمەتی خەڵکی تر یان برادەرەکەی لەناو بچێت ونەمێنێت .

حەسەد تاوانێکی گەورە ونەخۆشیەکی کوشندەی ڕەوشت وبەها بەرزەکانە، هەندێک پێیان وایە حەسەد یەکەم تاوانێکە لەئاسمان کە بێ فەرمانی خودای گەورەی پێکرا، کاتێک پەروەردگار فەرمانی کرد بە ئیبلیسی شەیتان کە سوژدە بەرێت بۆ حەزرەتی ئادەم بەلام لەبەر حەسوودی بردن بەو پلە وپایەی ئادەم ئامادە نەبوو سوژدەی بۆ بەرێت وفەرمانەکەی خوای گەورەی شکاند، وەیەکەم تاوان وسەرکەشیەک بوو لەسەر زەویش ئەنجام درا، کاتێک قابیل حەسوودی برد بە هابیلی برای ودەستی چووە خوێنیەوە وکوشتی، پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردوە لەم کارە ناپەسەندە وفەرموویەتی : (لا تحاسدوا ولا تقاطعوا ولا تباغضوا ولاتدابروا وكونوا عباد الله إخوانا)، متفق عليه، واتە : حەسوودی بەیەکتر مەبەن، وە صلەی ڕەحم لەنێوان یەکتردا مەبچڕێنن، لەیەک تورە مەبن، وە پشت لەیەکتر هەڵمەکەن، وە هەمووتان ببن بەبەندەی ڕاست

**ودروستی خودا وبەبرای یەکتر .**

**لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : ( ایاکم والحسد فان الحسد تاكل الحسنات كما ياكل النار الحطب ) واتە : ئامان دوور بکەونەوە لە حەسوودی بەیەکتر بردن، چونکە حەسوودی هەرچی چاکەو خێر هەیە لەناوی دەبات هەروەک چۆن ئاگر دار وتەختە دەسوتێنێت ولەناوی دەبات .**

**جا یەکەم هۆکاری سەرەکیش کە مرۆڤ تووشی چاوپیسی وچاوکردن دەکات لە هاوەڵ ودراوسێ وخزمەکانی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەسەد وحەسوودی پێ بردن، تاوای لێ دێت دڵی ئەو کەسە لە تووڕەیی وحەسودیدا پەنگ دەخواتەوە ولەڕێگەی چاویەوە دەیخاتە دەرەوە وکاریگەری خراپ لەسەر کەسی بەرامبەر بەجێ دەهێڵێت .**

**جا لەبەر ئەوەی مرۆڤی موسڵمان لەسەری پێویستە چارەسەری ئەم نەخۆشیەی بکات و هەوڵبدات هەرگیز حەسەد بە بەرامبەرەکەی نەبات لەو نازو نیعمەتی کە خوای گەورە پێی بەخشیووە .چونکە حەسەد بردن ئاوات خواستن بەوەی کە حەز بکەیت کە براکەت یان خزمەکەت یان دۆستەکەت نیعمەتەکانی خوادی لێ بسەنرێتەوە، یەکەم جار زیانی گەورە بەخۆت دەگات، چونکە ئەو کەسانەی بەو جۆرە بیر دەکەنەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان ناڕازین بە بەشی خوای گەورە وناڕازین بە قەدەری پەروەردگار، بەمەش تووشی گوناهکی گەورە دێین ، ئاشکراشە سزای تاوانیش ئەگەر تەوبەی لێ نەکرێت چوونە ناو دۆزەخە، جا ئەگەر کاتێک نیعمەتێکی خوای گەورەت بینی بەسەر یەکێک لەبەندەکانیەوە هەوڵبدە هەرگیز ئاواتە خوازی ئەوە نەبیت کە پەروەردگار ئەو نیعمەتی لێ بگرێتەوە، خۆ ئەگەر حەزت کرد تۆش وەک ئەو خاوەنی ئەو نیعمەت بیت، ئەوە هەوڵبدە ئاواتی ئەوە بخوازیت کە خوای گەورەش تۆش لەو نیعمەتانەی خۆی بێ بەش نەکات و بیدات بەتۆش بەبێ ئەوەی ئاواتی ئەوە بخوازیت کە پەروەردگار نیعمەتی برادەرەکەت لەناو ببات، ئەگەر بەم شێوەیە بوویت ئەوە ناچێتە چوار چێوەی حەسوودیەوە بەڵکو پێی دەوترێت ( الغبطة ) کە لە شەرعدا ڕێگای پێدراوە وحەرام نیە .**

جا ئەبێت ئەوە بزانین حەسوودی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لەناو کوردەواریدا پێی دەوترێت چاوپیسی، چونکە حەسوودی دەکرێت ئەو مرۆڤەی کە حەسوودیەکەی پێ دەبرێت ئامادە بێت ودەشکرێت کە ئامادە نەبێت ولەبەر چاو نەبێت.

بەڵام ( چاوپیسی = العین ) لەکاتێکدا دەکرێت ئەو کەسە بەچاوێکی سەرسوڕمانەوە هاوکات لەگەڵ حەسوودی پێ بردن ودەروونێکی پیسەوە تەماشای مرۆڤی بەرامبەر  بکات وبەو چاوانەی زیانێک بەو کەسە بگەیەنێت کەلەبەر چاویەتی .

## ئایا چاوپیسی شتێکی ڕاستە
## و کاریگەری دەبێت لەسەر کەسی بارمبەر ؟

گومانی تێدا نیە هیچ شتێک لە گەردووندا ڕوونادات بەبێ قەدەر وئیرادەی خوای گەورە، ئەویش لەبەر بوونی حیکمەتێک کە هەرخۆی دەیزانێت، وەهیچ کەس ناتوانێت کاریگەری خراپ یان چاک لەسەر کەسی تر دروست بکات نە حەسوود و نە چاوپیس و نە ساحیر ونە فاڵچی و هتد .. بەبێ ئیرادەی پەروەردگار وڕەزامەندی ئەو زاتە پیرۆزە، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت : ( قل لن یصیبنا إلا ما کتب الله لنا هو مولانا وعلى الله فلیتوکل المؤمنون ) ( التوبة : ٥١  ) واتە : بڵێ ئەی موحەمەد ئێمە تووشی هێچ شتێک نابین مەگەر ئەوە نەبێت کە خوای گەورە لەسەر نووسیبین، هەر ئەویش پاڵ پشت وپشتیوانمانە، جا کەوابێت باوەڕداران هەر بە پەروەردگاریان پشت دەبەبەستن . هەروەها پێغەمبەریش ( صلى الله علیه وسلم ) لەفەرموودەیەکدا کە ڕووی دەمی دەکاتە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس وپێی دەفەرموێت ( ..... واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ینفعوک بشيء لم ینفعوک إلا بشيء قد کتبه الله لک ، ولو اجتمعوا على أن یضروک بشيء لم یضروک إلا بشيء قد کتبه الله علیک، رُفعت الأقلام وجفت الصحف ) ( رواه الترمذی وقال حدیث حسن صحیح) واتە : چاک بزانە ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەوی کۆببنەوە کە بیانەوێت قازانجێکت پێ بگەیەنن هەرگیز ناتوانن مەگەر خوای گەورە لەسەری نووسی بیت،

وە ئەگەر کۆش ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن دیسان ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە لەسەر نوسی بیت، ئەوە بزانە پێنوسەکان بەرز کراونەتەوە ومەرەکەبی سەر لاپەڕەکانیش ووشک بوونەتەوە .

## کاریگەری وئاسەواری خراپ

### بەجێ هێشتنی ( چاوپیسی ) لەسەر کەسی چاولێکراو:

گومانی تێدا نیە کە لە ئیرادەی خودا دەرناچێت، بەڵام ئەوەندە هەیە هەموو کاروکاردانەوەیەک پێویستی بەهۆکارێک هەیە کە بەهۆیەوە ڕوودات، هەروەک لە پێشتریش ووتمان مرۆڤی باوەڕدار پێویستە لەسەری ڕازی بێت بەو بەشەی کە پەروەردگار لە دونیا پێی بەخشیوە، پاشان هەرگیزیش چاو نەبڕێتە ماڵ وسەروەت وسامانی خەڵکی تا لە ( چاوپیسی ) ڕزگاری ببێت، بەڵام خۆ ئەگەر خۆی نەپاراست لەو هۆکارانە گومانی تێدا نیە تووشی ئەو نەخۆشیە کووشندەیە دەبێت، بەڵام ئایا بەچ شێوەیەک ئەو ( چاوپیسی ) یە کاریگەری بەجێ دەهێڵێت ودەبێت بەهۆی زیان گەیاندن بەکەسی بەرامبەر، ئەوە مەسئەلەیەکە و تەنها خوای گەورە عیلمی پێی هەیە، باوەڕدار تەنها ئەوەی لەسەر باوەڕی پێی هەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکی صەحیحدا دەفەرموێت : ( العين حق ولو كان شيء سابق القدر لسبقته العين ... ) ( رواه مسلم ) واتە ( چاوکردن ( چاوپیسی ) شتێکی ڕاستە، وەئەگەر بهاتایە شتێک پێش قەدەری خودا بکەوتایە ئەوە بێگومان ( چاوپیسی ) پێشی دەکەوت .

## هۆکاری کاریگەر چاوپیسی :

زانایان بۆ ئەم مەسئەلەیە بوون بەچەن بەشێکەوە :

هەندێکیان دەڵێن : ئەم کاریگەریە بەدەر نیە لە قەدەری خودا، بەڵام ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە هێزێکی ژەهراوی لەچاوی ئەو کەسە دەروون پیسەوە دەردەچێت وبەر کەسی بەرامبەر دەکەوێت وزیانی پێ دەگەیەنێت .

هەندێکی تر دەڵێن : لەئەنجامی ناردنی تیشکێکی لەسەر خۆ لەچاوی ئەو کەسە

چاوپیسەوە دەردەچێت وژەهرێکی پیسی خراپ دەگەیەنێت بەکەسی بەرامبەر وتووشی زیانی دەکات .

وە کۆمەڵێکی تر دەڵێن : ئەم کاریگەری چاوپیسیە بە قەدەری خودا ڕوو دەدات وهیچ هۆکارێکی نیە لەو هۆکارنەی سەرەوە کە باسکرا، ئەمەش مەزهەبی ئەو کەسانەیە کە قەناعەتیان نیە بە هۆکارە شاراوە ونەبینراوەکان، لەڕاستیشدا ئەم بۆچوونە بۆچونێکی پەسەند نیە .

ابن القیم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لای خۆیەوە دەفەرموێت : کاریگەری چاو لەسەرکەسی بەرامبەر بەتەنها نەوەستاوەتە سەر پەیوەندی جەستەیی ( الاتصال الجسمی ) ، وەک هەندێک لەو کەسانەی شارەزاییان لەشەریعەت وسروشتدا کەمە وا گومان دەبەن، بەڵکو هەندێک جار کاریگەری چاو بە پەیوەندی جەستەیی ڕاستەوخۆ دەبێت، وە هەندێک جاریش لەکاتی ڕوبەڕووبونەوەدا دەبێت، وە هەندێک کاتیش لەکاتی بینیدا ئەم کاریگەریە دەبێت، وەک هەندێک جاریش بە ئاراستەکردنی ڕۆحی ئەو کەسە چاوپیسە نەخۆشە دەبێت ....

دەبێت ئەوەش بزانین مەرج نیە ئەو کەسە حەسوودە چاوپیسە کەسێکی بینەر وچاوساغ بێت، بەڵکو جار واهەیە ئەو کەسە نەخۆشە کوێرە وناشبینێت، بۆیە دەبینین هەر بەتەنها وەصف کردنی ئەو شتە یان ئەو ناز ونیعمەتی کەبەسەر ئەو کەسەوە هەیە، ئەو کەسە کوێرە چاوپیسە لەڕێگای نەفس و دەروونیەوە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کەسی بەرامبەر ....

ئیمامی حافظ ابن حجر العسقلانی ( رەحەمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت : ئەم مەسئەلەیە لای هەندێک کەس ئیشکالی دروست کردوە ودەڵێن : باشە چۆن چاو لەدوورەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو کەسەی کە چاوی لێکراوە وزیانی پێ دەگەیەنێت؟ وەڵامی ئەمەش بەو شێوەیە : کە نەفس و دەروون و تەبیعەتی خەڵکی جیاوازن، هەندێک جار لە ڕێگای ژەهرێکی پیسەوە دەبێت کە لەچاوی ئەو کەسە حەسوودەوە دەردەچێت و بەناو هەوادا دەگوێزرێتەوە بۆ ناو لاشەی ئەو کەسەی کە چاوەکەی لێکراوە، هەر لەم بارەیەوە لە دەمی هەندێک لەو کەسە چاوپیسانەوە نقڵ کراوە کە دەڵێن : کاتێک شتێکی سەر سوڕهێنەر دەبینم هەست دەکەم بە

گەرمایییەک لەچاوەکانمەوە دەردەچێت .....

خەطابیش لەبارەی کاریگەری چاو لەسەر کەسی چاو لێکراو ووتویەتی : قسەی ئەو کەسانە بەتاڵە کە دەڵێن هەرشتێک لەئیدراکی پێنج حەواسەکە بەدەربێت حەقیقەتی نیە .

هەروەها ئیمامی مازەریش دەڵێت : هەندێک کەس وا گومان دەبەن کەسی چاوپیس لەڕێگای چاوەکانیانەوە ژەهرێک ئاراستەی بەرامبەرەکەیان دەکەن و لەناویان دەبەن یان دەیانکوژن، وەک ئەوەی بڵێیت مارێک تەنها بە سەیرکردنێک بتوانێت ژەهرەکەی ئاراستەی کەسێک بکات وبیکوژێت، جا مازەری ئەوەی بەلاوە پەسەند نیە کە کاریگەری چاو تەنها بەم شێوەیە حەصر بکرێت، هەرچەندە ئەو کارەش بەدوور نازانێت، لە کۆتایدا ئەوە دەڵێت : ئەوەی مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەتی لەسەر بێت ئەوەیە کەسی چاوپیس کاریگەری خراپ لەسەر کەسی چاولێکراو بەجێ دەهێڵێت لەکاتی بینین و چاوپێکەوتنی ئەویش بە عادەتێک کە خوای گەورە ئیجرای دەکات وئەو کەسە تووشی زیان دەبێت، بەڵام ئایا ئەوە لەڕێگای ئەوەوە دەبێت کە تیشکێک لەچاوی ئەو کەسەوە دەربچێت وبەر کەسی بەرامبەر بکەوێت، ئەمەش شتێکە ئیحتمالی هەیە وا بێت ئیحتمالیشی هەیە وا نەبێت، بەڵکو بەشێوەیەک بێت تەنها خوای گەورە خۆی بزانێت .

## ئەو بەڵگانەی کە مەسئەلەی
## چاوپیسی وکاریگەریەکانی دەسەلمێنن

**لە قورئانی پیرۆز :**

١– خوای گەورە دەفەرموێت : قل أعوذ برب الفلق من شر ما خلق ومن شر غاسق إذا وقب ومن شر النفاثات في العقد ومن شر حاسد إذا حسد ) ( الفلق : ١– ٥ ) واتە : تۆ بڵێ ئەی موحەمەد پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی کە بەرەبەیان دەهێنێت، لەشەڕ وخراپەی هەر شتێک کەردوستی کردوە، لەشەڕ وخراپەی شەو کاتێک کە دادێت ودونیا تاریک دەبێت ودەبێت بەشەوە زەنگ، وە لەشەڕ وخراپەی ئەو کەسانەی جادوو دەکەن و پەت و دەزوو گرێ دەدەن وفوی پیادەکەن، وە لەشەڕ

وخراپەی حەسوود وبەخیل کاتێک کە حەسوودی وبەخیلی دەبات .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت حەسوود وبەخیل کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو کەسەی کە حەسوودی پێ دەبەن .

٢- یان کاتێک حەزرەتی یەعقوب ئامۆژگاری کوڕەکانی کرد کە ڕۆشتن بۆ میصر بۆ هێنانی دەخل ودان و ئازووقە، حوای گەورە لەسەر زمـــانی یەعقوبەوە دەفـــەرموێت : ( وقال يا بني لا تدخلوا من باب واحد وادخلوا من أبواب متفرقة وما أغني عنكم من الله من شيء إن الحكم إلا لله عليه توكلتُ وعليه فليتوكل المتوكلون ) ( يوسف : ٦٧ ) واتە : ئەی کوڕەکانم هەر هەمووتان لەیەک دەرگاوە مەچنە ژورەوە بۆ ( میصر ) بەڵکو لەچەند دەرگایەکی جیاوازەوە بچنە ژوورەوە، وە ئەوە بزانن من ناتوانم هیچ شتێک لەو بەڵا و پێشهاتانەی کە بڕیاری خودای لەسەرە بیگێڕمەوە لەئێوە، هیچ فەرمان وبڕیارێک بۆ کەس نیە تەنها بۆ خودا نەبێت، پشتم هەر بەو بەستوە وپەنام هەر ئەوە، جا با ئەوانەی کە پاڵپشت وپشتیوانیان دەوێت هەر پشت بەئەو ببەستن .

قورطبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:کاتێک کوڕەکانی یەعقوب ( عليه السلام ) عەزمیان کرد کە بچن بۆ میصر یەعقوب ترسی ئەوەی هەبوو چاوی چاو پیس لێیان بدات، جا لەبەر ئەوە فەرمانی پێکردن کە هەموویان لەیەک دەرگاوە نەچنە ناو شار، چونکە میصر چوار دەروازەی هەبوو، هەر لەبەر ئەوە ترسی ئەوە دایگرت چاویان لێ بکرێت، چونکە کوڕەکانی یازدە کوڕی بەشان وشەکەتی جوان خاس بوون، ئەمەش ڕای عەبدوڵڵای کوڕی عەباس وضەحاک و قەتادە و هەندێکی تریشە .

٣- خوای گەورە لە چیرۆکی ئەو دوو کەسەی کە لەسورەتی کەهفدا باسیان دەکات کە یەکێکیان دەوڵەمەند وخاوەن ماڵ وسامان وباخ وبێستانێکی زۆرە لەگەڵ ئەوەشدا بێباوەڕە و ئەوی تریشیان هەژارە وتەنها باخچەیەکی هەیە لەپاڵ باخچەکەی ئەوی تردا بەڵام باوەڕدارێکی قانعە، دەفەرموێت : ( ولولا إذ دخلت جنتك قلت ما شاء الله لا قوة إلا بالله ) ( الكهف : ) کەسە باوەڕدارەکە ئامۆژگاری بێباوەڕەکە دەکات کە بە ماڵ وسەروەت وسامانیەوە دەنازێت وپێی دەڵێت : دەبوایە

کاتێک چویته ناو باخەکەتەوە شوکری خودات بکردایە وبتوتایە : ( ما شاء الله ) هەرچی خودا وویستی لەسەر بێت هەر ئەوە پێش دێت وئەم هەموو ناز ونیعمەتە بەخششی خودایە بەهەرکەسی بیەوێت دەیبەخشێت پێی .

ئەنەسی کوڕی مالک دەفەرموێت : پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( من رأى شيئاً فأعجبه فقال ما شاء الله لا قوة إلا بالله، لم يضرَّه عين ) واتە : هەر کەس شتێکی بینی کە جێگای سەر سوڕمانی ئەو بوو با بڵێت : ( ما شاء الله لا قوة إلا بالله ) هیچ کاتێک چاو زیانی پێ ناگەیەنێت .

**لە سوننەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم )**

١- پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( العين حق ) ( متفق عليه) واتە : چاوکردن وکاریگەریەکانی ڕاستن .

٢- وعن ابن عباس رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ( العين حق، ولو كان شيء سابق القدر سبقته العين، وإذا اسْتُغسلتم فاغسلوا ) ( رواه مسلم ) واتە : چاو کردن ڕاستە، وە ئەگەر بهاتایە شتێک پێش قەدەری خودا بکەوتایە ئەوە بێگومان چاوکردن پێش ئەکەوت بەسەریدا، وەرهەرکاتێک داوای ئەوەیان لێکردن بۆ خۆشۆردن خۆتان بشۆن _ مەبەست ئەوەیە بۆ چارەسەرکردنی کەسی تووش بوو بەچاو دەبێت ئەو کەسەی کە چاوەکەی کردوە خۆی بشوات و پاشان کەسی بەرکەوتوو بەچاوی ئەو بەو ئاوە خۆی بشوات شیفای بۆ دێت – .

٣- وعن جابر رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال : ( أكثر من يموت من أمتي بعد قضاء الله وقدره بالأنفس ) ( أخرجه البزاز، وحسنه الألباني سلسلة الأحاديث الصحيحة ٢٧٢/٢ رقم الحديث ٧٤٧ ) واتە : زۆرینەی ئوممەتی من پاش قەزا وقەدەری خودا بە نەفس و دەروونی پیس دەمرن .

٤- عن عائشة رضي الله عنها قالت: "أمرني النبي صلى الله عليه وسلم ـ أو أمر ـ أن يسترقى من العين ) ( متفق عليه ) واتە : حەزرەتی عائشە خوای لێ ڕازی بێت – فەرمووی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی پێکردم یان فەرمانی کرد کە ڕوقیە بخوێنرێت بۆ چاوکردن .

٥- وعن أبي نضرة عن أبي سعيد أن جبريل أتى النبي ( صلى الله عليه وسلم )

فقال : يا محمد اشتكيتَ ؟ فقال : نعم، فقال : ( بسم الله أرقيكَ من كل شيء يؤذيک من شرِّ كل نفس أو عين حاسد، الله يشيفک بسم الله أرقيکَ ) ( رواه مسلم ) واته : جوبرەئيل هات بۆلای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : ئازارت هەيە؟ ئەويش فەرمووی : بەڵێ ، ئەمجا جوبرەئيل فەرمووی : بەناوی خوداوە ڕوقيەت بۆ دەخوێنم لەهەموو شتێک کە ئازارت بدات، وە لەهەموو نەفسێک يان چاوێکی حەسوود، خودا شيفات بدات، بەناوی خوداوە ڕوقيەت بۆ دەخوێنم .

٦- وعن أبي أمامة بن سهل بن حُنيف قال: "رأى عامر بن ربيعة سهل بن حُنيف يغتسل، فقال: والله ما رأيتُ كاليوم ولا جلد مخبأةٍ عذراء؛ قال: فلبط سهل، فأتى رسولُ الله صلى الله عليه وسلم عامراً، فتغيظ عليه، وقال: علام يقتل أحدُكم أخاه؟ ألا برَّكتَ، اغتسل له؛ فغسل له عامر وجهه، ويديه، ومرفقيه، وركبتيه، وأطراف رجليه، وداخلة إزاره في قدح، ثم صبّ عليه، فراح مع الناس ) ( رواه أحمد ) واته : ئەبو ئومامەی کوڕی سەهلی کوڕی حونەيف ئەڵێت : عامری کوڕی ڕەبيعە سەهلی کوڕی حونەيفی بينی ( واتە باوکی ) کە خۆی دەشۆرد – سەری سوڕما – ووتی : و الله ی ئەوەی ئەمڕۆ بينيومە هەرگيز نەمبينيوە، وەهەرگيز پێستێکی شاراوەی ئاوام نەبينيوە ، ئەڵێت : سەهل تووشی نەخۆشی بوو ، پاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هات بۆلای عامر وزۆر لێی تووڕە بوو، وئەمجا فەرمووی : ئەوە لەبەر چی يەکێک لە ئێوە هەڵدەستێت بە کوشتنی براکەی؟! ئەوە بۆ داوای بەرەکەتت بۆ نەکرد لە خوای گەورە؟ هەستە بچۆ خۆت بشۆرە بۆی، ئەمجا عامر هەستا دەست ودەموچاو ئانيشک و پێيەکانی تا ئەژنۆی ودامانەکەی بۆ شوردە ناو دەفرێکەوە، ئەمجا – سەهل ئەو ئاوەی کرد بەسەريدا باش بويەوە – ولەگەڵ خەڵکيدا دەستی کرد بە گەڕان .

٧- وروي عن الحسن مرفوعاً:( إن العين لتدخل الرجل القبر، والجمل القدر ) ( حسنه الالبانى سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣ / ٢٥٠ رقم الحديث ١٢٤٩ ) واته : چاوی پيس پياو دەخاتە ناو گۆڕەوە وووشتريش دەخاتە ناو مەنجەڵەوە – واتە وای لێ دەکات بگات بەچەقۆدا وسەری ببڕن وگۆشتەکەی بخرێتە ناو مەنجەڵەوە بۆ لێنان –.

## چاو دوو جۆرە :

**یەکەم : چاوی مرۆڤ ( العين الإنسي )**

ئەمیش ئەو چاوەیە کە لە ئەنجامی حەسەد و بەخیلی و ڕژدیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت، وەک لەوەوە پێش یاسمان کرد ولەفەرموودەکانیشدا ئاماژەمان پێدان .

دووەم : چاوی جنۆکەیی ( العين الجني ) : ئەویش بریتی یە لەو چاوەی کە تیشکێک یان نیشانەیەکی نامۆی تێدایە کە بە ( ڕوانینی جنۆکە لای زانایان بەناوبانگە ) .

بەڵگەش لەسەر ئەم مەسئەلەیە : ما صحَّ عن أم سلمة رضي الله عنها أن النبي صلى الله عليه وسلم رأى في بيتها جارية في وجهها سفعة، فقال: "استرقوا لها، فإن بها النظرة ) ( رواه مسلم ) واتە : ئوم سەلمەی دایکی موسڵمانان ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەماڵی ئەودا جاریەیەکی بینی کە لە ڕوومەتیدا خاڵێک هەبوو، فەرمووی ڕوقیەی بۆ بخوێنن چونکە لەچاوەکانیدا تیشکێک و ڕوانینیک هەیە .

ابن القيم ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : حوسەینی کوڕی فەڕاء ئەڵێت : السفعة واتە : ( النظرة ) ڕوانین لەجنۆکەی پێی دەوترێت، مەبەست لەو چاوەیە کە تووشی ڕوانینی جنۆکە بووە، بەبڕشترە لە سەری ڕم وتیر .

## چاوپیسان دوو جۆرن

یەکەم : چاوپیسێک کە بەوویستی خۆیەتی کە چاوی پیسە : مەبەست لەمەش ئەوەی ئەو کەسە هەمیشە چاوی لەدەست و ماڵ وسامانی خەڵکە و بەدوای نهێنی خەڵک وئەو ناز ونیعمەتانە دەکەوێت کە پەروەردگار بەخشیویەتی بە کەسانی تر، بەڵام ئەم کەسە ڕازی نیە بەو بەشەی خوای گەورە پێی بەخشیوە بگرە هەمیشە ئاخ و داخ و ئۆفیەتی ودەرونی ماندوە و ئاواتە خوازە ئەو خەڵکەی ناز ونیعمەتی خودای بەسەرەوەیە لەناو بچێت وخودا بیدات بەئەم یان هەر تیابچێت ئەگەر بۆخۆیشی نەبێت، ئەگەر سەرنج بدەین ئەم جۆرە کەسانە بە وویستی خۆیان

حەسوودن وچاویـان پیسـە، وە گـەرنا دەتـوانن چارەسـەری خۆیـان بکـەن ئـەویش بەوەی واز لەو خوە خراپە بهێنن وتەوبە بکەن وچاو نەبڕنـە مـاڵی خـەڵکی وئـاوات نەخوازن بە تیاچوونی ناز ونیعمەتی خەڵکانی تر .

دووەم : کەسێک بەسروشت وطەبعی خـۆی هـەر چـاوی پیسـە، بـەبێ ئـەوەی خـۆی بیەوێت، ئەم جۆرە لەچاوپیسـان زۆر خراپتـر وترسـناکترە لـەجۆری یەکـەم ، ئـەم کەسە چاوپیسە ئیمکانی ئەوەی هەیە چـاویش لـەخۆی یـان لـە کـوڕ ومـاڵ ومنـاڵی بکات، بەبێ ئەوەی خۆیشی حەزی پێ بکات، دەرەنجامی ئەو هەموو حەسودیەی کە دڵ ودەرونیدا چووەتە خوارەوە بووە بەبەشێک لە خوێن وجەستەی .

## چاوپیسی خێراتر کاریگەری لەسەر

## منـاڵان دروسـت دەکـات تـا لە گـەورەکـان

بەڵگە ودەلیل لەسەر ئەوەی چاو خێراتـر کاریگـەری لەسـەر منـداڵان دروست دەکات ، ئەو ڕیوایەتەیە : قول أسماء بنت عميس رضي الله عنهـا عـن أبنـاء جعفـر رضي الله عنه عندما قال لها رسول الله صلى اللـه عليـه وسلم: "مـالي أرى أجسـام بني أخي ضارعة؟ أتصيبهم الحاجة؟"، قالت: "لا، ولكن تسرع إليهم العين"، وإقـرار الرسول صلى الله عليه وسلم لها بقوله: "ارقيهم" ( أخرجه البخـاري مسلم ) واتـە : ووتەیەکی ئەسـمائی کچـی عـەمیس ( خـوای لـێ ڕازی بێـت ) کـە لەسـەر کوڕەکـانی جەعفەر کاتێک پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فـەرموو : ئـەوە چیـە لاشـەی برازاکانم ئەبینم کە لاوازن ؟ ئایا تووشی کەم دەستی وهەژاری بوون؟ ئەسما ووتی : نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا، بەڵام چاو خێرا کاریان لێ دەکات، ئەمجا پێغەمبـەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئیقراری کـرد وئـەوەی بەڕاست زانـی وفـەرمووی : ڕوقیـەیان بەسەردا بخوێنن ( ڕوقیەش بە قورئان و ئـەو ووردانـە دەبێـت کـە پێغەمبـەر دیـاری کردون ) .

ئیمامی قورطوبی لەم بارەیەوە ئەفەرموێت : چـاو خێراتـر وزووتـر کـار لـە منـاڵان دەکات وەک لە گەورەکان .

خۆشەویستان لەبەشی ئەمجارەدا بەوەندە واز دەهێنین بەیارمەتی خوای گـەورە لـە بەشی دووەمدا دەچینە سەر چارەسەری وخۆپاراستن لەچاو وچاوپیسی .

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته .